

# پەروەردە و هۆشیاری تاکە ڕێگای گۆڕینی کۆمەڵگایە

## ئیسرائیلی و کۆرییەکان هەرزوو بەسەر ئاسەوارەکانی جەنگدا زاڵبوون


ژمارە (٦٦٣) ٢٠٠٧/١٢/١٠

گەڕان بەدوای بازاڕو دۆزینەوەی هەلی کار بەیەکێك لەو ئەرك و ئامانجانە دادەنرێت، کە سەرجەم کۆمپانیاو دامودەزگا پەیوەندارەکانی حکومەتەکان هەوڵی بۆ دەدەن، لەم پێناوەشدا گەورە کۆمپانیاکان روویان کردۆتە بازاڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کوردستانیش لەم ناوچەیەدا بە بازاڕێکی گرنك دادەنرێت بۆ ساخکردنەوەی کاڵاو بەرهەمەکانیان، بۆ ئێمەی کورد پتەوکردنی پەیوەندییەکان و بەهێزکردنی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی نێوان گەلی کوردستان و گەلانی جیهان کارێکی باش و پێویستە، کاتی ئەوەش هاتووە کە جیهانی پێشکەوتوو درك بەو ئارامی و سەقامگیرییە بکەن کە کوردستان لەم چەند ساڵەی دوایی دا بەخۆیەوە بینی، تەنانەت لە رووی ئابوورییەوە گۆڕانکاری باشی بەخۆیەوە بینیوەو بیزنسکاران و بازرگانە بیانییەکان هەستیان بەو حەقیقەتە کردووە، کە دەکرێت سەرمایەگوزاری لەم ناوچەیەدا ئەنجام بدەن و کوردەکانیش سوود لە ئەزموون و بەرنامەو کاری وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرن ..

زۆر جار باس لەکەموکورتییەکانی بواری ئەم هەرێمە دەکرێت و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی فەرهەنگی ئابووری و نزمی ئاستی سەرمایەی مەعریفی .

لەم ژمارەیەی فایلی ئابووری هەوڵمانداوە دوو شارەزای بواری بازرگانی و زانستی لە وڵاتی چین و سوید وەرگرین، تانگ لان زێن-بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی زانیارییەکانی دووبارە بونیادنانەوەی عێراقی – چینی پێی وایە بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە ناوەندێك بۆ بازرگانی پێویستە گرنگی بە پتەوکردنی پەیوەندییەکان بدرێت، بەڕای ئەو کوردستان لە قۆناغێکە کە دەتوانێت پێشوازی لە کۆمپانیا جیاوازەکانی وڵاتانی جیهان بکات. سەبارەت بەوەی کۆمەڵگای کوردستانی بگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن و گرنکی بە پێشخستنی ئاستی پەروەردەیی نەوەی نوێ بدرێت و رۆڵی هەریەك لە یاساو چارەسەرکردنی ناهاوسەنگی ئاڵوێری بازرگانی نێوان گوندو شارو ناوخۆی وڵات و دەرەوەی کوردستان، شێل فۆرس نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرۆگرامی یەك بلیۆن درەخت و ئەندامی ئەنجومەنی پەنابەرە گەڕاوەکان لە وەزارەتی دەرەوەی سوید تێڕوانینی بەو ئاراستەیەدا دەچوو، کە پەروەردەو راهێنان و دەوڵەمەندکردنی سەرمایەی مەعریفی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری بنەما پێویست و سەرەکییەکانی پێشکەوتنە لە هەرێمی کوردستان و سەرجەم وڵاتانی جیهان ..





■ (شێڵ فۆرس) خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردەو زانست، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانە لە پرۆگرامی یەك بلیۆن درەخت لە هەرێمی کوردستانی عێراق و، ئەندامی ئەنجومەنی پەنابەرە گەڕاوەکانە لە وەزارەتی دەرەوەی سوید ■

شێڵ فۆرس خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردەو زانست، ئەندامی ئەنجومەنی پەنابەرە گەڕاوەکان لە وەزارەتی دەرەوەی سوید (بۆ گوڵان):

# پێشخستنی کولتووری کار بنەمایەکی سەرەکییە بۆ پەرەپێدانی ئابووری

(شێڵ فۆرس) :بەبێ پێشخستنی بواری پەروەردەو هۆشیاربوونی ئەفرادەکان ناکرێت ببینە خاوەنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، دەوڵەمەندبوونی تاکەکان لە بواری سەرمایەی مەعریفی بە یەکێك لەو بوارە گرنگانە دادەنرێت، کە پێشتر جێی بایەخی سەرجەم ئەو وڵاتانە بووە، کە چوونەتە قۆناغی گەشەکردنی ئابوورییەوە، گواستنەوەی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگایەکی بەکارهێنەر بۆ کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەر یەکێکە لەو قۆناغانەی کە پێویستە کوردەکان و عێراقییەکان پێیدا تێپەڕببن، لە دیالۆگێکدا (شێڵ فۆرس) ئەندامی ئەنجوومەنی پەنابەرە گەڕاوەکان جەختی لەسەر ئەم بوارە کردەوە، لێرەدا پوختەی دیالۆگەکە بڵاودەکەینەوە:

**لە دەوروبەری سەنتەری هەولێر دەکرێت جوانترین بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی دروست بکرێت، کەچی ئەوان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان پەنا بۆ شارەکان دەبەن**

**راستە جەنەراڵ (پارک) رۆڵی هەبووە لە پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵگا، بەڵام پێشکەوتنی کۆریای باشوور پەیوەندیی بە سەرکردەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە کولتووری کۆرییەکان و گۆرانکای بوو لە عەقڵییەتی ئەواندا**

**لەعێراق و سەرجەم وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە خاوەنی پترۆڵن، داهاتی پترۆڵ نەبووەتە هۆی دەوڵەمەندبوونی سەرجەم دانیشتووان و بەسەر کەرتە ئابوورییە زیندووەکان و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان رەنگی نەداوەتەوە**

## جەنگ بیانوو و پاساوێک نییە بۆ خراپ بوونی باری ئابووری و هەژاری وڵاتان

لــە دەوروبەری ســەنتەری هەولێــر دەکرێت جوانتریــن بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی دروست بکرێت، کەچی ئەوان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان پەنا بۆ شارەکان دەبەن

(شێل فۆرس): بۆ ئەنجامدانی پەرەپێدانی ئابووری ناکرێت تەنها پشت بە یەك فاکتەری ئابووری ببەستین، پێویستە لەرێگای پلانێکی ســتراتیژی سەرتاســەرییەوە کۆمەڵگا بگوازینەوە بۆ کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنــەر، بــە تایبەتــی لە بواری کشــتوکاڵ و پیشەســازیی کشتوکاڵی، گەر بێتو دانیشتووانی گوندەکان و شوێنەکانی دەوروبەری شــار فەرهەنگــی ئابووریيان پێشــبخرێت و هاوکاریيــان بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی زیاتری ئاستی پەروەردەیی ئابووری، ئەو کات بەرهەم و کاڵا و بەرووبوومە کشتوکاڵی و دەستکردەکانیان پێش دەکەوێت، دەکرێت جگە لە بەرهەمی دانەوێڵەو شــیرەمەنی کەلوپەلی موبیلیات دروست بکەن، بۆ نموونە: لە شارۆچکەکانی دەوروبەری شاری هەولێر دەکرێت جوانترین بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی دروست بکرێت، لەکاتێکدا تێچونی کرێی گواستنەوەشــی بۆ ناو شــار کەمە،کەچی ئەوان پشت بەهێنانی پێداویســتییە خۆراکی و میوەجات و ســپیایی لە ناو شارەوە دەبەســتن، ئەمە جگە لەوەی دەکرێت باشترین بەرهەمی ئاژەڵداری لە رووی دابینکردنی گۆشت و بەروبوومەکانی ئاژەڵی لەو شارۆچکانەوە بەرهەم بهێنرێت، ســاڵانە بۆ دابینکردنی ئەم بەرهەمانە داهاتێکی زۆر بۆ دەرەوەی وڵات نەچێت..

دانیشــتووانی ناوچەکانی دەرەوەی شار پێویستییان بە راهێنان هەیە، خولەکانی مەشــق و راهێنان پێویستە لە کوردستان پەرەی پێ بدرێت، تاوەکو جۆرە هۆشــیارییەکیان هەبێت، بوونــی فەرهەنگی ئابووری و پێشخســتنی کولتووری کار بنەمایەکی ســەرەکییە بــۆ پەرەپێدانی ئابووری..

لەعێراق و سەرجەم وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە خاوەنی پترۆڵن، داهاتی پترۆڵ نەبووەتە هۆی دەوڵەمەندبوونی ســەرجەم دانیشــتووان و بەســەر کەرتە ئابوورییە زینــدووەکان و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان رەنگی نەداوەتەوە.

مــن بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەوەم کــە دەڵێت: «عێراق بەرهەم و داهاتێکی باشــی نەوتی هەیە»، پێویست ناکات روو بکاتە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی، زۆر لە وڵاتانی ئەوروپا خاوەنی پترۆڵ نین، لە کاتێکدا زۆر پێشــکەوتوون بۆ نموونە: وڵاتی سویدو چەندین وڵاتی تر پترۆڵیان نییە، کەچی لە ســەرجەم بوارەکاندا زۆر پێشکەوتوون..لەعێراق و ســەرجەم وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە خاوەنی پترۆڵن، داهاتی پترۆڵ نەبووەتە هۆی دەوڵەمەندبوونی سەرجەم دانیشتووان و بەسەر کەرتە ئابوورییە زیندووەکان و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان رەنگی نەداوەتەوە، بۆیە زۆرینەی دانیشتووانی وڵاتەکە هەژارن و دەوڵەمەندنین، تەنها ١٠٪ تاکو ١٥٪ی دانیشتووانی کوردستان و عێراق سوودمەندن لە داهاتەکانی نــەوت، ئەوانیش کەمینەیەکن تەنها ســەرقاڵی کاری بازرگانین، بۆیە بەرنامەو کاری زانستییانە لەوەدایە کە چۆن ئێمە بە پارەو داهاتی نەوت کەرتی کشــتوکاڵ و پیشەسازی پێشبخەین و خەڵکی کوردستان فێری ئەوە بکەین ببنە بەرهەمهێنەر نــەك بەکارهێنەر، لەرێگای بەرووبووم و بەرهەم و کاڵاکانیانەوە خەڵکی دەرەوە ســوودمەندبن، لە ناو سەنتەری شــارەکانیش کاری کڕین و بازرگانی بەو بەرهەمە خۆماڵییە بکرێت، ئەمــە بۆچوونێکی ســادەو ژیرانەیە، دەکرێت توێژەران و شــارەزایانی ئابــووری کاری بۆ بکەن و میکانیزمێــك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی تاکەکان بەرهەمهێن بن و پشــت بە توانا ناوخۆییەکان ببەستن و بڕوا بە توانای خۆیان هەبێت و زەمینە خۆش بکەن بۆ بەرهەمهێنان .

نایەکســانییەك هەیە لەنێوانی ناردنــە دەرەوەو هێنراوەکان لە نێوانی دانیشــتووانی ســەنتەری شــارەکان و دەرەوە، هــەر وەکــو چۆن ئەم ناهاوسەنگییە لەنێوانی ئاڵوێری بازرگانی دەرەکیش هەیە ..

کاتێك کوردســتان بووە هەرێمێکی بەرهەمهێنــەر، ئەو کات دەبێتە خاوەنی داهات و سەرمایە بۆ پێشخســتنی کەرتە ئابوورییەکان، پشت بەستن تەنها بە داهاتی نەوت وەك ئەوە وایە لەسەر کورسییەك دابنیشین کە تەنها یەك قاچی هەبێت و ســێ قاچەکانی تر شکابێت، بەڕای من ئەمە ناواقیعی و نازانستییە.

## لە هیچ وڵاتێک نییە سەنتەری شار دەوڵەمەند بێت و دەوروبەرەکەی هەژار



مــاوەی دوو ســاڵە من لە نزیکــەوە ئاگاداری رەوشــی ئابووری و بازرگانی کوردستانم، پێشتر سەرمایەدارەکانی هەرێمی کوردســتان بەهــۆی نەبوونی گرەنتــی و مەترســییەکانی ئاینــدە، چارەنووســی کارو بەگەڕخســتنی ســەرمایەیان دیارنەبــوو، بۆیە کاتێك کاریان دەکرد پارەکانیان زوو دەخستــە ناو بازاڕو زوو دەریان دەهێناوە، ئەمەش وایکردبوو زیاتر پشت بە کەرتی بازرگانی ببەستن نەك بەگەڕخستنی سەرمایە گوزاری لەبواری پرۆژەی بەرهەمهێنان، کە ئــەو پرۆژانــە زیاتر بەوە ناســراون کــە لــە ماوەیەکی درێژخایەنــدا لــە داهاتــەوەدا ســەرمایەی بــۆ خاوەنەکانی دەگەڕاندەوە..

لەبەر هــەژاری و نەبوونی و کــەم دەرامەتــی گوندەکان و ناوچەکانــی دەوروبــەری شار، دانیشــتووانی روودەکەنە ناو شــار بۆ بژێوی ژیانیان و بەخێوکردنی خێزانەکانیان، لەبەر ئەوەی لە هــەژاری رادەکەن و بە هەژاری دێن بۆ شــار، بۆیە ناتوانن لە شــوێنە باشــەکان دابنیشن و ناچاردەبن روو بکەنە شوێنە هەرزانەکانی دەوروبەری شار، ئەوەی پێیان پەیدا بکرێت تەنها شتە سەرەکییەکانی ژیانە وەکــو خۆراك و پــارەی ئاو و کارەبــاو هاتووچــۆ ناتوانن پێشــکەوتنێکی ئەوتۆ ئەنجام بدەن لــە بــواری ئابوورییان، لەهەمــان کاتــدا گوندەکانیان بە هەژاری جێ هێشــتووە، کە کاریگەرییەکــی نێگەتیڤانەی

دەبێت لەســـەر شـــارەکەو ئابووریی وڵاتەکە، چونکە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ بەرەو دواوەی دەبات و ئاستەنگ دەخاتە پێش پەرەپێدان و گەشەسەندنی ئابووریی وڵاتەکە، ئەمانە لە هەژارییەوە دێن بۆ هەژاری، ئەو شوێنانەش کـــەم و کوڕیی هەیـــە لەخزمەتگوزارییەکان لە کارەباو ئاوو شـــەقام . ئەمەش هەڵاوســـان درووست دەکات لەســـەر شارو فشار دەخاتە سەری، کە دەبێتـــە هۆی کەمبوونەوەی دەرفەتەکانی کار کە کاریگەریی دەبێت لەســـەر دانیشتووە نەژادەکانی ناو شـــار، بێ ئومێدی و هەژاری جۆرە توندڕەوییەك درووســـت دەکات و تاوان و کاری نایاسایی تەشەنە دەکات، ئەمەش نەك تەنها لەســـەر باری ئابووری، بەڵکو لەسەر باری ئاسایش کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەو خراپی دەبێت.

لـــە هیـــچ وڵاتێـــك نییە سەنتەری شـــار دەوڵەمەند بێت و دەرووبەرەکـــەی هەژار، ئەمە تەنها لە کوردســـتاندا ڕوویداوەو دیاردەیەکـــی ناسرووشـــتی ئابوورییە، گەر بێت و گوندەکان دەوڵەمەند نەکرێن و کولتووری کارو بەرهـــەم پێـــش نەخرێن، هەروەکـــو پێشـــتریش ئاماژەم پێی کـــرد، ئـــەوە ئـــەو کات ناســـەقامگیری ئابـــووری و کۆمەڵایەتی و بگرە ئاسایشی لێدەکەوێتـــەوە، کاتێك تاکەکان ڕوویان لـــە بەرهەمهێنان کرد، وەبەرهێنانی درێژخایەن درووست دەبێت ..

پێش ٥ ســاڵ لـەمـەو بەر سەردانـی هەرێمی کوردستانم کرد، ڕاستە گۆڕانکاریی زۆری بەسەر هاتووە، لە بونیادنانەوەو کـــاری وەبـــەرهـێـنـان و ئەو کۆمەڵە کۆمپانیا جیاوازانەی کە دامـەزراون و ئەو هۆتێل و باڵەخانەیانە کە ئەمڕۆ هەیە، بەڵام ناتوانین بڵێین ئیستیغلالی تەواوی سەرچاوە سرووشتییەکان و سامانەکان کراوە، کوردستان دەوڵـەمـەنـدە لـە ڕووی کـەش و هـەواو دەستی کارو سەرمایە، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ ئەوەی لە گوندەکان کاری بەرهەمهێنان ســەرهــەڵـدات، بەتایبەتی بـەرهـەمـی دارسـتـانـەکـان و میوەجات و تەختە..



پێویستە گوندەکان لە سەنتەری شارەکان دەوڵەمەندتر بن. شار پێویستیی بە گوند هەبێت بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕۆژانە، لە جیاتی پەنابردن بۆ وڵاتانی دەوروبـەر بۆ کڕینی بەرهەمەکانی شیر لە ماست و پەنیرو هتد.. دەکرێت پەرە بە گوندەکان بدرێت بۆ بەرهەمهێنانی ئەم بەرهەمانە، هەروەها دەکرێت لە ئایندەدا ئەم بەرهەمانە بۆ وڵاتانی تر بنێردرێت، ئەمەش دەبێتە داهاتێکی باش بۆ وڵاتەکە، پێویستە لە شتی سووك و بچووکەوە دەست پێ بکرێت، بۆ نموونە: سەرەتا بە بەرهەمەکانی شیر لەگەڵ درووستکردنی مۆبیلیات لە دارودرەختەکانی گوندەکان. دواتر بیربکرێتەوە لەسەر دانانی کارگەی جیاواز و جۆراوجۆر و ئەنجامدانی پرۆژەو پیشەسازی گەورە.

لە باشـــماخ بووم، لەوێ بینیم بارهەڵگـــرەکان هەمووی میوەجاتیان بارکردبوو بەپڕی دەهاتنە کوردستان، بەڵام لە گەڕانەوەیان بارهەڵگرەکانیان بەتـــاڵ بوو و بە لێوێکی پڕ خەندەوەو گیرفانێکی پڕ لە پارە دەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان..

بەرهەمهێنانـــی میوەجات و ســـەوزەو زۆر لـــە کاڵاو بەرهەمەکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری پەیوەندیی ڕاستەوخۆو کاریگەری بە پێشکەوتنی ئابوورییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە عەقڵییەت و فەرهەنگی ئابوورییەوە هەیە . دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەتوانن لە بوارەکانی کشتوکاڵ کێبڕکێ لەگەڵ وڵاتان بکەن، ســـەرەتا دەتوانن لە ئاســـت و مەودایەکی کەمدا دەســـت پێ بکەن، وەکو پێشتریش وتم، پێویستە لە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی بچووکەوە دەســـت پێ بکەن. هەروەها پێویستە تەماشای وڵاتی خۆمان بکەین، بۆ ئەوەی بزانین چیمان هەیەو چیمان پێ دەکرێت، بۆ ئەوەی بزانین لە چ بوارێکدا کارمان پێ دەکرێت بۆ بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنمان، نەك بێین تەماشای ئەزموون و بەرنامەو سیستەمی وڵاتە پێشکەوتووەکان بکەین، چونکە ئێمە خاوەنی ئەو کولتوورو تەکنەلۆژیایە نین کە لە وڵاتەکانی تر هەیە . شۆفێرەکانی ڕێگای هەولێر-سەڵاحەددین گلەییەکی زۆریان هەیە لەسەر لۆفەکان، کە دەڵێن زۆر ناخۆشە، بۆیە بە تووڕەییەوە لێی تێ دەپەڕن و بە چاوێکی کوێرانەوە بەســـەریدا دەڕۆن بە بێ ئەوەی کەمێك بیری لێبکەنەوە، ئەوان نازانن کە ئەو چیایە باشترین ســـەرچاوەیە بۆ کانزاو گەشتوگوزاری و هەروەها بۆ بواری کشتوکاڵیش ... بەڵام سوودی لێ وەرناگرن و نازانن بەکاری بێنن.

توانســـتی تاکەکان بۆ پێشـــکەوتن لە تواناو داهات و ســـەرمایەکان جیاوازە، کۆمەڵگاکانیش بەهەمان شـــێوە ئاستی فەرهەنگی ئابووری و مەعریفییان جیاوازە، کوردســـتان وەکو دەرۆزەکەرێك وایە کە بە قاپێکی زێڕەوە سواڵ دەکات.

هەژاری و دواکەوتنی گەلان پەیوەندیی بە شەڕو جەنگەکانەوە نییە، ئەمە تەنها پاســـاوێکەو خۆمانی پێ هەڵدەخەڵەتێنین، گەورەترین درۆیە لە مێژوو گەر بڵێین ئەمە ئاسەواری جەنگە کە وای کردووە بارودۆخی ئابووری خراپ بێت، ســـەددام خەڵکی زۆر کوشت و خاکەکەی سوتاندو وڵاتەکەی وێران کرد، بەڵام کوردســـتان زیاتر بۆ ١٧ ســـاڵ دەڕوات لە حکوومەتی ناوەندییەوە دوورن، بۆ نموونە: وڵاتی ئیســـرائیل، ئیسرائیل هەر لە دامەزراندنییەوە تاکـــو ئەمڕۆ لە جەنگدایە، لە جەنگی جیهانی دووەم زیاتر لە ٦ ملیۆنیان لێ جینۆســـاید کـــراوە، خاوەنی پانتاییەکی خاکی بچووکن، ســـەرچاوەی سرووشتییان نییە، بەتایبەتی پترۆڵ، تەنها ڕووبارێکـــی بچووکی ئاو لە وڵاتە تێدەپەڕێت کـــە پانتاییەکەی چەند مەترێکە، کەچی زۆرترین خەڵاتی نۆبل لەسەر زانست بە ئیسرائیلییەکان پێشکەشکراوە، بەردەوام خاوەن عەقڵییەتێکی زیرەك و بەرزن، ئەمەش بۆ بوونی فەرهەنگی ئابووری و کولتووری پێشـــکەوتووی کارو ئابووری دەگەڕێتەوە، وڵاتیکە ئاســـەواری جەنگ کاریگەریی لەسەر نەبووە کە ببێتە هۆکارێك بۆ دواکەوتن و هەژاربوونی....

پێویستە ڕاستگۆبین، جەنگ بیانوو و پاساوێك نییە بۆ خراپ بوونی بـــاری ئابووری و هەژاری وڵاتان، چونکـــە زۆر لە وڵاتانی جیهان بە شـــەڕ تێپەڕبوون و بۆ ماوەی ١٠ ســـاڵ کەمتر توانییان ببنە وڵاتێکی دەوڵەمەندو پێشکەوتوو.

**گەر بێت و گوندەکان دەوڵەمەند نەکرێن و کولتووری کارو بەرهەم پێش نەخرێن، ئەو کات ناسەقامگیری ئابووری و کۆمەڵایەتی و بگرە ئاسایشی لێدەکەوێتەوە**

**پێشتر له کوردستان هاووڵاتییه‌کان له ترسی ژیانی خۆیاندا گوێ ڕایه‌ڵی ڕێنمایی و یاساکان ده‌بوون، نه‌ک له‌سه‌ر بنه‌مای ڕێزگرتن له یاسا**

**به بێ گۆڕینی عه‌قڵییه‌ت مه‌حاڵه په‌ره‌پێدانی ئابووری ئه‌نجام بدرێت**

تاکو ساڵی ١٩٥٣ کۆریا یەك وڵات و یەك نەتەوە بوو، لەشەڕی ساردو لەبەر بەرژەوەندیی کۆمیۆنیستەکان و ئەمەریکییەکان کۆریا بوو بە دوو وڵات و گەلەکەی زۆر هەژاربوون، جەنگێکیماڵوێرانی و کوشندە روویدا، بەڵام دوو کۆریامان هەبوو، باشوورو باکوور، یەکێکیان هەژارو کەم دەرامەت، ئەوی تری کە کۆریای باشوورە لە ڕیزبەندی وڵاتە پێشکەوتووەکان دێت، بگرە بە سێیەمین وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان دادەنرێت بۆ پێشکەوتنی ئابووری، لە زۆر حاڵەتدا کۆریای باکوور سواڵی دەکرد لە کۆریای باشوورو داوای یارمەتیی دەکرد ..

زۆرجار باس لە سەرکردەو جەنەڕاڵ (پارك) دەکرێت، ڕاستە کە جەنەڕاڵ (پارك) ڕۆڵی هەبووە، بەڵام پێشکەوتنی کۆریای باشوور پەیوەندیی بە سەرکردەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە کولتووری کۆرییەکان و گۆڕانکای بوو لە عەقڵییەتی ئەواندا.

ئەمرۆ لە وڵاتانی پێشکەوتوو، بەتایبەتی لە ئەورووپاو زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لە ڕیزبەندی پێشەوەی پیشەسازی دێن، کشتوکاڵ کارێکی ئاسان نییە، چونکە بنەماکانی بەرهەمهێنان زۆر زەحمەتەو کەش و هەوای لەباری لێ نییە، گەر بێت و بەراوردبکرێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەو کات ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە کەرتی کشتوکاڵی بنەمای پتەوبوون و پێشخستنی هەیە، هەرێمی کوردستان کەش و هەوایەکی باشی هەیەو دەتوانێت بەکاری بێنێت بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی ..

یەکەمین هەنگاو پشت بەستنە بە توانستە ناوخۆییەکان، دواتر هەنگاوەکانی تر دێت کە بریتین لە یارمەتی و قەرزو کۆمەك . بە بڕوای من، بە بێ گۆڕینی عەقڵییەت مەحاڵە پەرەپێدانی ئابووری ئەنجام بدرێت، ئەمەش پێویستیی بە کاتە، چونکە کات مایەی گۆڕانکارییەو بە تێپەڕبوونی کات ئەم عەقڵییەتە دەگۆڕێت و کولتوورو فەرهەنگی ئابووری و مەعریفی نوێ درووست دەبن.

عەقڵییەتی مرۆڤ پەیوەستە بەو خێزانەی کە تیایدا پەروەردە دەبێت، چونکە منداڵانی هەر خێزانێك دابونەریت و عەقڵییەتی باوکان و دایکانیان وەردەگرن، بۆیە خێزان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر تاکەکان، سوید وڵاتێکی سوسیالیست بوو، و لەبەر گۆڕینی بۆ وڵاتێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو و دوورخستنەوەیان لە کۆنەپەرستەکان، بۆیە پێویست بوو نەوەیەکی نوێ دروست بێت بە عەقڵییەتێکی نوێوە.

وەزیری ئابووری وڵاتی سوید، کە خێزانەکەشی وەزیری کۆمەڵگا بوو، بە هەردووکیانەوە توانییان ڕۆڵێکی کاریگەرانە ببینن لە گۆڕینی عەقڵییەت و جۆری بیرکردنەوەی هاووڵاتییە سویدییەکان، هەستان بە دروستکردنی سیستەمی باج، گەر لە خێزانێك تەنها پیاوەکە کاربکات ئەوە وەکو باج بڕێکی پارە دەدات بە حکوومەت، بەڵام گەر بێت و هەردوو سەرۆك خێزان کاربکەن (دایك و باوکەکە)، ئەوە باجی کەمتریان لەسەر رادەوەستێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەردووکیان سەرقاڵی کارکردن بن و دوور بن لە منداڵەکانیان، پێشتر دایکان ٢٠ کاتژمێر لەگەڵ منداڵەکانیان دەبوون، ئەمرۆش لەبەر کارەکانیان، ئەوە کاتەی کە لەگەڵ منداڵەکان بەسەریان دەبرد بوو بە ٦ کاتژمێر . پرسیارەکە لێرەیە: لەو ماوەی کە باوك و دایك سەرقاڵی کارکردن بن، ئەی باشە کێ سەرپەرشتیی منداڵەکان بکات؟ بۆیە حکوومەتی سویدی هەستا بە دامەزراندنی سەنتەری سەرپەرشتیکردنی منداڵی ئافرەتە کرێکارەکان، بەمشێوەیە منداڵ دوورخرایەوە لە خێزان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی خێزان لەسەریان و هەستان بە دەستنیشانکردنی مامۆستای پسپۆڕو شارەزاو توێژەری لێهاتوو بۆ پەروەردەکردنی ئەو منداڵانە بە شێوازێکی نوێ، کە جیاواز بێت لەگەڵ عەقلییەتی باوباپیرانی، لەگەڵ فێرکردنیان لەسەر بیرو هزری مۆدێرن و نوێ، ئازادی و دیموکراسییەت. بەم شێوەیە، توانرا نەوەیەکی نوێ پەروەردەبکەن، دوور لە کولتوورو دابونەریتی کۆن . لەهەمان کاتدا، کارکردنی ئەو خێزانانە بووە هۆی پێشکەوتنی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانی لە وڵات.

## کاتێک تاکەکان بەرهەمهێنەرو ئازاد بوون، ئەو کات دەتوانن ببنە خاوەنی زۆر داهێنان و بەرهەمهێنان

پێوەرێکی جیهانی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی هەژاری لە وڵاتان، گەر ڕێژەی منداڵی برسی لەهەر وڵاتێك گەیشتە ١٥٪ ئەو کات ئەو وڵاتە بە وڵاتێکی هەژار دادەنرێت، لە کاتێکدا وڵاتێك وەکو دوبەی کە بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان دادەنرێت، کەچی ڕێژەی منداڵی برسی تیایدا گەیشتووەتە ١٤،٨٪، دوبەی لە ڕووی پەرەپێدانی ئابووریی کۆمەڵایەتییەوە لاوازە، چونکە ئاستی هەژاری و بێکاریی تێدا زۆرە، بە ڕادەیەك زۆربەی دانیشتووانی دووچاری هەژاری وناعەدالەتی بوون، بەشێوەیەکی زۆر سەرسووڕهێنەر سەری هەڵداوە، پەرەپێدانی ئابووری بە ٣ هۆکار جێبەجێ دەبێت: یەکەمیان پەروەردەیە، دووەمیان پەروەردەیەو سێیەمیش پەروەردەیە. بوارەکانی تری تایبەت بە یاساو دەسەڵات و دواتر پەیدا دەبن. هەنگاوەکانی حکوومەت بۆ یاسا دانان بۆ بواری ئابووری هیچ سوودێکی نییە بۆ بەرەوپێشچوونی بواری ئابووری و گەشەسەندنی، چونکە پێش یاسا دانان پێویستە هاوڵاتییەکان ڕۆشنبیربکرێنەوە لەسەر ڕێزگرتنی یاساو پیادەکردنی و تێبگەن پێویستیی یاسا چییەو بزانن یاسا فاکتەرێکی پێویستەو سەرپێچیکردنی کارێکی هەڵەیە، هەموو شتێك لە تاکەکانەوە دەست پێ دەکات، بۆ نموونە: گەر بێت و هاووڵاتیان لە یاسا تێنەگەن و ئاستی پەروەردەیی و هۆشیارییان لە ئاستێکی نزم بێت، ئەوە جێبەجێکردنی زۆر زەحمەت دەبێت، کاتێك بە ئۆتۆمبێل لە شەقامەکانی کوردستان تێدەپەڕین، تەماشا دەکەم تابلۆ دانراوەو ڕێنماییەکانی هاتوچۆی لەسەر نووسراوە بۆ ئاگادارکردنەوەی شۆفێرەکان لەسەر خێرایی لێخوڕینیان، بۆ نموونە: نووسراوە ٦٠کم، یان ٨٠کم، بەڵام تاکو ئەمڕۆ، جگە لە تراکتۆرو بارهەڵگرەکان کە بارێکی قورسیان هەڵگرتووە کە لەسەر خۆیان لێ دەخوڕن، هیچ شۆفێرێکم نەبینیوە پیادەی ئەو ڕێنماییانە بکات کە پۆلیسی هاتوچۆ دایناوە بۆ سەلامەتیی، هاووڵاتییەکان و شۆفێرەکان، هەموویان زۆر بە خێرایی ئۆتۆمبیلەکانیان لێدەخوڕن! پشتێن دانراوە بۆ پاراستنی شۆفێر لەکاتی رووداو کارەسات، بەڵام دەبینین شۆفێرەکان کە دەگەنە خاڵی پشکنینی پۆلیسی هاتوچۆ پشتێنەکان دەبەستن و کە تەنها ١٠ مەتر دووردەکەنەوە، زوو پشتێنەکە دەکەنەوە، ئەوان بیر لە پێویستیی ئەو ڕێنمایی و پشتێنە ناکەنەوە، بیر لە گرنگیی یاساکان ناکەن . لە هەر وڵاتێك ئاستی سیستەمی پەروەردەیی نزم بێت ڕێز لە یاسا ناگیرێت و پیادەناکرێت، حکوومەتی بەهێز ئەو حکوومەتەیە کە بتوانێت سیستەم و بەرنامەی زانستی و پەروەردەیی گونجاو و ڕێك و پێك جێبەجێ بکات، نەك وەکو ڕژێمی پێشووی سەددام حوسێن، کە حکوومەتێکی بەهێزی عەسکەرتاری بوو، بەهێزی ئاسن و ئاگر مامەڵەی دەکرد لەگەڵ هاووڵاتییە بەستەزمانەکانی بۆ پیادەکردنی یاساکانی، ئەویش بە ڕێگای تۆقاندن و ترساندن و کوشتن، پێشتر لە کوردستان هاووڵاتییەکان لە ترسی ژیانی خۆیاندا گوێ ڕایەڵی ڕێنمایی و یاساکان دەبوون، نەك لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە یاسا.

ئەمڕۆ، گەر بێت و بۆ ماوەی تەنها یەك ڕۆژ پۆلیس لە شاری هەولێر نەمێنێت ئەوە دەبینیت پشێوی و بێ سەروبەرییەکی لەڕادەبەدەر درووست دەبێت، یاسا بێ سوود دەبێت گەر هاووڵاتییەکان هۆشیارییان نەبێت لەسەر گرنگی و پێویستیی، پێشخستنی ئابووریش وەکو سەرجەم کەرتەکانی تر لەڕێگای هەستکردن بە پێویستیی پێشکەوتن دێت، ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا بەرزبێت، پێویستە بگەنە ئەو ڕاستییەی کە یاسا سەروەرەو شتێکی زۆر پێویستە، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بەرژەوەندیی وڵات..



**تانگ لان زێن-بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی زانیارییەکانی  دووبارە بونیادنانەوەی عێراقی – چینی بۆ(گوڵان)**

# هەوڵی بەرهەمهێنان بدەن و بەرهەمەکانتان بنێرن بۆ وڵاتانی دەورووبەرتان

■ تانگ لان زێن: سەردانی کوردستان بۆ من دەرفەتێکی زۆر باشە بە تایبەتی بۆ شاری ئەربیل، کە بۆ مەبەستی سەرمایەگوزاری و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ کاڵا بازرگانییەکانی کۆمپانیا چینییەکان هاتوومەتە کوردستان، زۆربەی ئەو بەرهەمانەی کە نمونەیمان هێناوە دروستکراوی پیشەسازیی شەنگهایە بنکەکەمان لەو شارەیە تەنها ٣ لقی کۆمپانیایەکە هاتووە بۆ کوردستان، وەبەرهێنان و کارکردنی کۆمپانییە چینییەکان لەکوردستان کارێکی باشە، گەرچی بە هۆی هەواڵە خراپەکانی عێراق و تێکچوونی ڕەوشی سیاسی و سەقامگیری و ئەمنییەت، وایانکردووە چینییەکان لە سەردانی عێراق زۆر بترسن و نەتوانن بە گەڕخستنی وەبەرهێنان ئەنجام بدەن، من شاری هەولێر و سلێمانیم بینیوە، هەردوو شار ئارام و سەقامگیرن، پێویستە کوردەکان سەردانی چین و شەنگهای بکەن بۆ ئەوەی هەموو بزانن کە چین هاوڕێی کوردە، هەروەها بۆ ئەوەی خەڵکی چین بزانن کە کورد باشترین هاوڕێن، لەسەرەتادا پێویستە دۆستایەتی و هاوڕێیەتی درووست بکەین، پاشان دەتوانین بەیەکەوە کارو و وەبەرهێنان ئەنجام بدەین، ئێمە دەستپێشخەر بووین بۆ هاتن بۆ کوردستان، بە بڕوای من ئەمە دەبێتە هاندەرێك بۆ کەسانی تر و کۆمپانیاکانی تری چین بۆ ئەوەی ئەوانیش بێن بۆ کوردستان بە مەبەستی وەبەرهێنان و ئەنجامدانی بزنس، هەروەها بزنسمانە کوردەکانیش دەتوانن بڕۆن بۆ چین، ئەمە هزری منە بۆ بەستنەوەی هەردوو وڵات لە لایەنی کارکردنەوە. ■

**سەبارەت بە گۆڕانكاری و پێشخستنی بواری ئابووری كوردستان و، هەڵسەنگاندنی ئەو قۆناغەی كە ئەمڕۆ كەرتە ئابوورییەكانی هەرێمەكە پێیدا تێپەڕدەبێت تانگ لان زێن پێی وابوو:**

لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا گۆڕانكارییەكی زۆر لە كوردستان ڕوویداوە، ئەمڕۆ كوردستان دەبینین زۆر دڵگیرو جوان و خۆشە، چونكە دەستی كردووە بە بونیادنانی هۆتێل و شوققەو بازاڕو باڵەخانە جوانەكان، بەڕای من كوردستان ئەمڕۆ لە قۆناغێكە كە دەتوانێت پێشوازی لە كۆمپانیا جیاوازەكانی وڵاتانی جیهان بكات، لە هەموو وڵاتەكانەوە بۆ ئەوەی بێن لە كوردستان چالاكییەكانیان بەگەڕ بخەن، ئەمەش حاڵەتێكی باشە بۆ دووبارە بوژانەوەی هەرێمەكە ..

- بەڵێ گۆڕانكارییەكان كاریگەریی هەبووە لەسەر ئابووریی چین،چونكە وڵاتی چین لە ڕێگای گۆڕانكاریی و چاكسازییەوە بەرەو پێشەوەچووە، گرینگیدان بە كەرنەڤاڵ و پێشانگای بازرگانی و ڕووداوی ئابووری بۆ نزیك كردنەوەی كلتووری و فەرهەنگی گەلان گرنكە بەتایبەتی بۆ دەوڵەمەند كردنی فەرهەنگ و كلتووری ئابووری و زیادبوونی توانا مەعریفی و مادییەكان

**وەبەرهێنان و كاركردنی كۆمپانیا چینییەكان لەكوردستان باشترین دەرفەتە بۆ پتەوكردنی پەیوەندییەكان**

ئەمڕۆ عێراق دووەمین وڵاتی گەندەڵكارو سێیەمین وڵاتی فاشیلە لە جیهان، ئەمە ڕاستییەكە كە نابێت پشتگوێی بخەین، زۆربەی بیانییەكان لە چین و وڵاتانی تر ناوێرن سەردانی عێراق بكەن لەبەر باری ئاسایش و نائارامی و ناسەقامگیریی عێراق و تەشەنەكردنی گەندەڵی و خراپی كەرتی گشتی، بەڵام هەموویان مافی خۆیانە بترسن، هەروەها مافی عێراقییەكانیشە ژیانی خۆیان بژین، ئەمە ژیانەو ژیان پڕە لە كۆسپ و ئاستەنگ و تەگەرە، ڕاستە ئەمڕۆ عێراق لە باری دژواری و جەنگ و نائارامییە، بەڵام ژیانەكە بەردەوامەو عێراقییەكان خۆڕاگرن و بەردەوامن لەسەر ڕەوتی ژیانی خۆیان، هەروەها كارەكانیش بەردەوامن، ئێستاش دەرفەتێكە بزنسمانە عێراقییەكان بێنەوە بۆ عێراق بۆ ئەوەی پەرە بە ئابووریی عێراق بدەنەوە، هاوشان لەگەڵ بزنسمانە ناوخۆییەكان، باری ئەمڕۆی عێراق هەتا هەتایی بەردەوام نابێت، ئەمە بارێكی درێژخایەن نییە، ڕۆژێك دێت كەشوهەوا ئارام دەبێتەوە، بۆیە بە بڕوای من، لە ماوەی ساڵێكی تردا عێراق دەبێتە باشترین وڵات لە لایەنی بازرگانی و بواری ئابووری و پێشكەوتنەوە، لە ماوەی ساڵێكی تر، بازاڕی عێراق دەكرێتەوە بۆ وڵاتانی جیهان، هەر وەكو بازاری ئەمڕۆی چینی لێ دێت و دەگاتە ئاستی بازاڕی چین، هەروەها لە ئەنجامدا هەموو كۆمپانیاكانی جیهان ڕوو لە عێراق دەكەن.

**لەسەرەتادا پێویستە دۆستایەتی و هاوڕێیەتی دروست بكەین، پاشان دەتوانین بەیەكەوە كارو وەبەرهێنان ئەنجام بدەین**

**لە وەڵامی پرسیارێكی تایبەت بەوەی چی بكرێت بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی وڵاتێكی بەرهەمهێن ؟ بۆ ئەمە وڵاتی چین چ جۆرە ڕێگایەكی گرتۆتە بەر تاوەكو بەرهەمهێنانی زیاد ببێت و لە ڕێگای زیادكردنی ناردنیەكانیەوە ببێتە وڵاتێكی گەورەی پیشەسازی و بازرگانی؟**

- خەڵك گلەییەكی زۆریان هەیە لەسەر بەرهەمەكانمان، چونكە بەردەوام دەڵێن بەرهەمەكانی چین ناباب نین، زۆر هەرزانن و زوو دەشكێن و بەسەر دەچن، ئێمە گرنگی نادەین بەو قسانە؟ چونكە بەرهەمی ئێمە ڕاستە نرخەكەی هەرزانە، بەڵام جۆرەكەی زۆر باشە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بڵاودەكرێتەوەو دەفرۆشرێت . ئێوە وەكو عێراق و كوردستان هەوڵ بدەن بۆ كاری بەرهەمهێنان، لەوانەیە نرخەكەی هەرزان بێت، بەڵام هەوڵ بدەن بە جۆرێكی باش دروستی بكەن، چونكە باشی جۆر و هەرزانیی نرخەكەی دەبێتە فراوانبوونی فرۆشتنی لە وڵاتانی دەورووبەر، لەوانەیە بۆ وڵاتانی جیهانیش بنێردرێت، بۆیە هەوڵێ بەرهەمهێنان بكەن و بەرهەمەكانتان بنێرن بۆ وڵاتانی دەورووبەرتان، هەروەها هەوڵ بدەن بزنسمانەكانتان بڕۆن بۆ ئەو وڵاتانە بۆ ئەوەی ئۆ فیس بكەنەوە لە وڵاتانی دراوسێ بۆ فرۆشتنی بەرهەمەكانتان. زۆر باشە ئێوە بتوانن بەرهەمێكی باش دروست بكەن و نرخەكەی گونجاو بێت، ئەو بەرهەمانە بنێرن بۆ وڵاتانی دەورووبەر، گرنگ نییە نرخەكەی هەرزان بێت، تەنها گرنگی بە ناوی وڵاتەكەتان بدەن كە ناوبداتەوە لە جیهان و كە بزانرێت وڵاتێكی خاوەن بەرهەمە، بەمشێوەیە دەتوانن پەیوەندیی توند دروست بكەن لەگەڵ وڵاتانی دەورووبەرتان..

